

# بولبول و تاوس

بولبولێک لە ناو باڵندەکانی ناو دارستانەکەیاندا هەر هاواڵی نارەسەن و بەخیلی دەبوو بە تووشەوە.

ڕۆژێک بیری کردەوە و بە خۆی وت: با هەوڵ بدەم لە نێو ئاژەڵەکانی تردا هاوڕێیەک بۆ خۆم بدۆزمەوە. ئەوەی وت و دایە شەقەی باڵان و لە دارستانەکە پەڕیە دەرەوە. فڕی هەتا گەیشتە تاوسێک. بە چریکەچریک چووە بەردەمی تاوس، دوای هەندێک لێ خورتبوونەوە پێی وت: تاوسی جوان، من سەرم لەو هەموو جوانیەی تۆ سووڕماوە. تاوسیش کە گوێی لە دەنگە خۆشەکەی بولبول بوو، وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەزیش سەرم لەو دەنگە خۆشەی تۆ سووڕماوە!



بولبول باس و بەسەرهاتی خۆی بۆ تاوس گێڕایەوە و لە کۆتاییدا پرسی: هاواڵم دەبیت؟

تاوس لە وەڵامدا وتی: چ شتێک بۆ من لە وەی خۆشترە کە هاوڕێی خۆشاوازێکی وەک تۆ بم؟ بەڵام ئایا پێت وایە بولبول و تاوس دەتوانن پێکەوە دۆست بن؟

بولبول وتی: بینینی تۆی جوان و دڵڕفێن بۆ من هەموو شتێکە و باوەر ناکەم قەت لە دیتنت تێر بم.

تاوسیش گوتی: دەنگە خۆشەکەی تۆش هەرووەتر دەبێتە هۆی دڵخۆشی و حەسانەوەی هەمیشەیی من، بۆیە بڕیار دەدەم ببمە هاوڕێیەکی باش و بە وەفا بۆ تۆ..

بەم جۆرە بولبول و تاوس بوونە هاواڵێکی باش بۆ یەکتر.

Copyright © Kurdi.fi